# بانکی پرسیارەکانی دەروونزانی پەروەردەیی- قۆناغی دووەم – کۆرسی یەکەم

پ١/ پێناسەی جیاوازی کەسی بکە و ئەو هۆکارانەش روون بکەرەوە کە کار لە جیاوازی کەسی دەکەن و جۆرەکانی جیاوازی کە سیش تەنها بژمێرە.

پ٢/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پرکەرەوە:-

1. هەر هۆکارێکی ناوخۆیی یاخود دەرەکی کە بونەوەری زیندو وەڵامدانەوەی دەبێت بۆی وەك چالاکی ئەندامێك یاخۆد گۆرینی چالاکیەکە یان وەستانی پێ دەڵێن وروژێنەر.
2. هەستەوەری بیستن(گوێ) بە رێژەی 12٪ بەشداری لە فێربوندا دەکات.
3. ئەگەر یەکەی دەماری لای تاك ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی رەفتارێك و رێگر هەبو بو ئەنجامدانی ئەوا دەبێتە هۆی ئاسودەیی و رەزامەندی تاك.
4. تیوری جشتالت لە سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی هۆپکنز لە ئەلمانیا لە دایك بو.
5. فێربوونی مەرجی کلاسیکی بافلۆف لە ئاسانترین و سادەترین جۆرەکانی فێربوونە.

پ٣/ بە راوردبکە لە نێوان ئەمانەی خوارەوە:-

١.پرۆسەی فێربون و فێرکردن. ٢.سودە پەروەردەیەکانی تیۆری سۆرندایك و تیۆری جشتاڵت .

پ٤/ تیۆری بافلۆف لەسەر چەند گریمانەیەك بنیاد نراوە روونی بکەرەوە.

پ٥/ سودەکانی پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵ بە خاڵ بخەروو.

پ٦/ بە کۆرتی لەسەر گرنگی دەروونزانی پەروەردەی بدوێ.

پ٧/پیویستە ماموستا چی بکات بۆ بەهێز کردنی متمانە و بڕوابەخۆبون لە پرۆسەی فیرکردندا.

پ٨/ ئەمانەی خوارەوە تەنها بژمێرە:-

١. جۆرەکانی زیرەکی لای گاردنەر. ٢.جۆرەکانی کەسێتی قوتابی.

پ٩/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:-

١.دەروونزانی پەروەردەیی ٢. فێربوون ٣. پاڵنەر ٤. فێرکردن ٥. پێگەیشتن

پ١٠/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پرکەرەوە:

1. زانایان مێژووی دەروونزانی پەروەردەیی دە گەرێننەوە بۆ زانا ....... کە بە باوکی دەروونزانی پەروەردەیی دادەنرێت.
2. هەستەوەری بینین (چاو) بە رێژەی .......... بەشداری لە فێربووندا دەکات بەڵام هەستەوەری بیستن تەنها بە رێژەی ......... بەشداری لە فێربووندا دەکات.
3. یەکێك لە کارەکانی پاڵنەر لە بواری فێربووندا ئەوەیە کە رەفتاری مرۆڤ لە حاڵەتی ......... دەیگوازێتەوە بۆ حالەتی ......... .
4. بە بووچونی سۆرندایك یاسای ئامادەباشی و کارکردنی پەیوەستە بە سێ مەرج کە برێتین لە ..........و...........................و............................ .

5. **ماکس ڤرتیمەر بە دامەزرینەری تیوری ............ دادەنرێت.**

6. **بە پێی تیۆرەکەی سۆرندایک بوونەوەر لە رێگەی ...............فێر دەبێت و دەتوانێت چارەسەری گرفتەکان بکات.**

**پ١١/ بە راوردبکە لە نێوان ياسای بەکارهێنان و ياسای پشتگوێ خستن .**

**پ١٢/ بە وێنە سروشتی پاڵنەر لە لایەن زانا ماسلۆ دەربخە .**

**پ١٣/ تاقی کردنەوەی بافلۆف باس بکە.**

**پ١٤/ بە سێ خاڵ گرنگی دەروونزانی پەروەردەیی دەربخە.**

**پ١٥/ ئامانجەکانی دەروونزانی لە بواری پەروەردە و فێرکردندا** روون بکەرەوە.

**پ١٦/ پێناسەی دەروونزانی پەروەردەیی بکە لە لایەن زانا (دیبوا) .**

**پ١٧/ ئەو بابەتانە چین کە روبەروی مامۆستا دەبێتەوە لە پۆلدا بە پێنج خاڵ دەست نیشانی بکە.**

**پ١٨/ نیشانەی ( ✓) یان ( ) بەرانبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ:**

1. **رەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێربوون بە یەکێك لە بابەتە سەرەکیەکانی دەروونزانی پەروەردەیی دادەنرێت.**
2. **رەچاو کردنی جیاوازی لە نێوان قوتابیان بە یەکێك لە ئامانجەکانی دەروونزانی لە بواری پەروەردەو فێرکردن دادەنرێت.**
3. **مرۆڤ دەتوانێت 50٪ ئەو زانیاریانە بهێنێتەوە یادی خۆی کە دەیان بینێت و دەیان بیستێت.**
4. **هەندێ جار فێربوون بە بێ فێرکردن روودەدات و هەندێ جار فێرکردن نابێتە هۆی فێربوون.**
5. **پێویستی سەقامگیری بە یەکێك لە پیداویستیە ئاست نزمەکان دادەنرێت بە پی هەرەمی ماسلو.**

**پ١٩/ بە راوردبکە لە نێوان هەستەوەرەکان و یادکردنەوەی زانیاریەکان لە پرۆسەی فێربووندا.**

**پ٢٠/ تیۆرەکەی بافلۆف لەسەر چەند گریمانەیەك بنیادنراوە بە خاڵ روونی بکەرەوە.**

**پ٢١/ کاری پاڵنەر لە بواری فێربووندا سێ لایەن دەگرێتەوە بە خاڵ بنووسە.**

**پ٢٢/ جیاوازی تاکایەتی لە پاڵنەرایەتی** بە درێژی باس بکە.

**پ٢٣/ یاساکانی فێربوون لای سۆرندایك** بە خاڵ روون کەرەوە.

پ٢٤/ ئەمانەی خوارەوە پێناسە بکە:-

1. پاڵنەری زگماکی 2. جیاوازی کەسی 3. زیرەکی زمانەوانی 4. لە بیرچونەوە 5. پرۆسەی فێربون

پ٢٥/ نیشانەی ( راست ) و نیشانەی ( **هەڵە** ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ و هەڵەکانیش راست بکەرەوە :-

1. لە سالی 1886 یەکەم نوسین لە دەرونزانی پەروەردەیی دەرکەوت لە لایەن زانا بادۆن.
2. هەستەوەری بینین (چاو) بە رێژەی ٪84 بەشداری لە فێربوندا دەکات .
3. هەندێك جار فێربون بە بێ فێرکردن رودەدات بە لام هەندێك جار فێرکردن نابێتە هۆی فێربون.

4. ڕەفتار وەك وەڵامدانەوەیەکە بۆ وروژێنەرەکان جا بینراو بێت یان نەبینراو هەستی بێت یان نەستی.

5. یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی کەسێتی ڕاڕا زۆر بلێیە و قەدری کات نازانێت.

پ٢٦/ بە راوردبکە لە نێوان زیرەکی کۆمەڵایەتی و زیرەکی خۆدی کەسێتی.

پ٢٧/ یاسای بەکارهێنان و یاسای فەرامۆشکردن بە جیاوازی روون بکە.

پ٢٨/ بە وێنە سروشتی پاڵنەر لە لایەن زانا ماسلۆ دەربخە .

پ٢٩/ ئامانجەکانی دەروونزانی پەروەردەیی روون بکەرەوە.

پ٣٠/ تاقیکردنەوەی ( گرفتەکانی دار و گۆپاڵ ) لە لا یەن زانا جشتاڵت باس بکە.

پ٣١/ سودە پەروەردەییەکانی تیۆرەکەی بافلۆف بە پێنج خاڵ روون بکەرەوە.

پ٣٢/ ئەو شێوازانەی کە ماموستا بە کاردەهێنێت بو جیاوازی کەسی لە فێرکردندا تەنها بژمێرە.

پ٣٣/ ئەو کێشانەی کە روبەروی ماموستا دەبێتەوە لە پرۆسەی فێرکردندا بژمێرە.

پ٣٤/ پێناسەی جیاوازی کەسی بکە و ئەو هۆکارانەش روون بکەرەوە کە کار لە جیاوازی کەسی دەکەن و جۆرەکانی جیاوازی کە سیش تەنها بژمێرە.

پ٣٥/ نیشانەی ( راست) و نیشانەی ( هەڵە ) بەرامبەر ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دابنێ و هەڵەکانیش راست بکەرەوە:-

1. هەر هۆکارێکی ناوخۆیی یاخود دەرەکی کە بونەوەری زیندو وەڵامدانەوەی دەبێت بۆی وەك چالاکی ئەندامێك یاخۆد گۆرینی چالاکیەکە یان وەستانی پێ دەلێن وروژێنەر.

2. هەستەوەری بیستن(گوێ) بە ڕێژەی ٪12 بەشداری لە فێربوندا دەکات.

3. ئەگەر یەکەی دەماری لای تاك ئامادەبێت بۆ ئەنجامدانی ڕەفتارێك و ڕێگر هەبو بو ئەنجامدانی ئەوا دەبێتە هۆی ئاسودەیی و رەزامەندی تاك.

4. تیوری جشتاڵت لە سەدەی بیستەمدا لەسەر دەستی هۆپکنز لە ئەلمانیا لە دایك بو.

5. فێربونی مەرجی کلاسیکی بافلۆف لە ئاسانترین و سادەترین جۆرەکانی فێربونە.

پ٣٦/ تیۆری بافلۆف لەسەر چەند گریمانەیەك بنیاد نراوە روونی بکەرەوە.

پ٣٧/ سودەکانی پەیوەندی نێوان مامۆستا و منداڵ بە خاڵ بخەروو.

پ٣٨/ بە کۆرتی لەسەر گرنگی دەروونزانی پەروەردەی بدۆێ.

پ٣٩/پیویستە ماموستا چی بکات بۆ بەهێز کردنی متمانە و بڕوابەخۆبون لە پرۆسەی فێرکردندا.

پ٤٠/ جۆرەکانی زیرەکی لای گاردنەر بژمێرە و یەکێکیان باس بکە.

پ٤١/ چەند جۆر کەسایەتی قوتابی مان هەیە و پێویستە چۆن مامەلە بکرێت لەگەڵ ئەو کەسایەتیانە.

پ٤٢/ باسی تیۆری پەیوەستی مەرجایەتی کلاسیکی بافلۆف بکە.

پ٤٣/ ئەو گریمانانە چین کە سۆرندایک تیۆرەکەی لەسەر بۆنیادنا بە (٦) خاڵ روونی بکەرەوە.

پ٤٤/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پر کەرەوە:-

١. بە پێی هەرەمی پێداویستیەکانی ماسلۆ نزمترین ئاست برێتیە لە............و بەرزترین ئاست برێتیە لە............. .

٢. هەستەوەری بینین چاو بە رێژەی ........... بەشداری لە فێربوندا دەکات بەڵام هەستەوەری بیستن تەنها بە رێژەی ............ بەشداری لە فێربوندا دەکات.

٣. .......... ئاماژەیە بۆ ئەو گۆرانکاریە بەردەوامانەی کە لە رەفتاری مرۆڤدا رودەدات و ئامانجی سەرەکیە لە پەروەردەدا.

٤.به بوچونی سۆرندایک یاسای ئامادەباشی و کارکردنی پەیوەستە بە سێ مەرج کە بریتین لە .......................و.......................و.......................

٥. تیۆری جشتالْت لە ئەلمانیا لە دایک بوو لەسەر دەستی زانا.....................و................ گەیشتە ئەمریکا.

٦. بە پێی تاقیکردنەوەی بافلۆف خواردن بە ............ دادەنرێت بەڵام وروژێنەری مەرجی بریتیە لە........................ .

پ٤٥/ گرنگترین ئەو هۆکارانە چین کە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی تێژبینی هەیە بە درێژی روونی بکەرەوە.

پ٤٦/ پێویستە چی بکرێت بۆ رەخساندنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ فێربوون بە وێنە شی بکەرەوە؟

پ٤٧/ ئایا پاداشت و هاندان چە گرنگیەکیان هەیە لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن؟

پ٤٨/ (بەهاو یاسا رۆشەنبیریەکان) و(رەگەز) چە کاریگەریکیان هەیە لەسەر دروست بونی جیاوازی تاکایەتی لە پاڵنەرایەتی .

پ٤٩/ بابەتە سەرەکیەکانی دەروونزانی پەروەردەیی چین بە درێژی لەسەری بدوێ.

پ٥٠/ گرنگترین یاساکانی درکپێکردنی جشتالْتیەکان چین کە دەتوانین سودیان لێ وەربگرین بۆ لێکدانەوەی پرۆسەی فێربون روونی بکەرەوە.

پ٥١/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە وەڵامی دروست پرکەرەوە:-

١.فێربون وەک پرۆسەی یادکردنەوە دەگەرێتەوە بۆ زانا.............لەو بروایەدا بو کە عەقڵی منداڵ وەک لاپەرەیەکی سپی وایە بە هۆی فێربون زانیاری و مەعریفەی لەسەر دەنوسێت.

أ. سۆقرات ب.لۆک ج.هێربرت د.دیکارت

٢.سێیەمین پێداویستی مرۆڤ بە پی هەرەمی ماسلۆ بریتیە لە ..................... .

أ.پێداویستی زانیاری ب.پێداویستی ئینتما و خۆشەویستی ج.پێداویستی رێزگرتن د.پێداویستی بەدەستهێنانی خۆد

٣.پاڵنەری............ بەکاردێت بۆ شیکردنەوەی پاڵنەری تاکەکان بۆ سەرکەوتن و دورکەوتنەوە لە شکست هێنان.

أ.پاڵنەری خستنە پاڵ ب.دەستکەوتە پاڵنەر ج.پاڵنەرە وەرگیراوەکان د.پاڵنەرە کۆمەڵایەتیە گشتیەکان

٤ . هەر کاروچالاکیەک زۆر دوبارە بکرێتەوەو کاری لەسەر بکرێت ئەوا پەیوەندی نێوان وروژێنەرو وەلامدانەوە بە هێزتر دەبێت

ئەمەش بریتیە لە یاسای..................... .

أ.یاسای پشتگوێخستن ب.یاسای ئامادەباشی ج.یاسای بەکارهێنان د.یاسای کاریگەری

٥.تیۆری...........بروایان وایە کە مرۆڤ سەرەتا بە شێوەیەکی گشتی درک بە شتەکان دەکات دواتر گرنگی بە بەش و وردەکاریەکان دەدات.

أ.ماسلۆ ب.بافلۆف ج.سۆرندایک د. جشتالْت

٦ . بە بروای کۆهلەر بونەوەر دەتوانرێت لە رێگەی..............چارەسەری گرفتەکان بکات نەک چەندەها رەفتاری هەڵە بکات و دواتر فێری رەفتاری راست بێت.

أ.هەوڵدان و هەڵەکردن ب.تێژبینی ج.مەرجایەتی کلاسیکی د.ئامادەباشی

پ٥٢/ بەراورد بکە لە نێوان سودە پەروەردەییەکانی تیۆری سۆرندایک و تیۆری بافلۆف بە (٥) خاڵ.

پ٥٣/ چۆن یاسای راهێنان دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پەیوەندی نێوان وروژێنەرو وەڵامدانەوە؟

پ٥٤/ تاقیکردنەوەی گرفتەکانی دارو گۆپاڵ باس بکە.

پ٥٥/ زاناکانی پەروەردە بروایان وایە کە پەروەردەو فێرکردن تەنها زانست نیە بەڵکو هونەریشە ئەمە روون بکەرەوە.

پ٥٦/ بە (٤) خاڵ گرنگی دەروونزانی پەروەردەیی دەربخە.

پ٥٧/ ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەر پرۆسەی تێژبینی هەیە چین بە نموونە باسی بکە.

پ٥٨/ مەرجەکانی فێربوون بژمێرە و بە درێژی لەسەریان بدوێ.

پ٥٩/ (فێربوون وەک پرۆسەی یادکردنەوە ) ئەم چەمک و بوچوونە بۆ چە زانایەک دەگەرێتەوەو چۆن وەسفی ئەقڵی مرۆڤی کردووە ، ئەم بوچوونە چە کاریگەریکی هەبووە لەسەر دانانی پرۆگرام و رێگاکانی وانەوتنەوە.

پ٦٠/  به درێژی باسی تیۆری هەوڵدان و هەڵە کردن بکە.

پ٦١/  ئەوانەی خاوەنی ئەم جۆرە زیرەکیەن چە تایبەتمەندیەکیان هەیە :-

١. زیرەکی لۆژیکی ماتماتیکی          ٢. زیرەکی زمانەوانی          ٣. زیرەکی شوێنی

پ٦٢/ هەریەکە لە (ئاستی پێگەیشتنی جەستەیی) و (ئاستی پێگەیشتنی ئەقڵی) چە کاریگەریەکیان هەیە لەسەر پرۆسەی تێژبینی .

پ٦٣/  بە خاڵ هەلسەنگاندنێک  بۆ تیۆرەکەی مەرجایەتی کلاسیکی بافلۆف بکە.

پ٦٤/ ئایا (پاداشت و هاندان وپاڵنەر) چە گرنگیەکیان هەیە لە پرۆسەی فێربووندا روونیان بکەرەوە.

پ٦٥/ مەبەست لە هەریەکە لە یاسای ڕێکخستن و یاسای شێوە لەسەر زەمینە چیە لە لای جشتاڵتیەکان.

پ٦٦/ ئەو بابەتانە چین کە زانا (لۆک) پێی وابوو بەشداری دەکەن لە بەهێزکردنی توانستە ئەقلیەکان لە هەمانکاتدا هندێ بابەتی تری پشتگوێ خستبوو کە بەشداری ناکەن لە بەهێزکردنی ئەم توانستانە باسیان بکە.

پ٦٧/ دامەزرینەری تیۆری جشتاڵت کێیە ولە چ شوێنێک لە دایکبووە و چۆن تاقیکرنەوەی گرفتەکانی سندوق یان ئەنجام داوە.

پ٦٨/  پێویستە مامۆستا چۆن مامەڵە بکات لەگەڵ کەسێتی قوتابی ئاژاوەچی وە کەسێتی قوتابی سادە.

پ٦٩/ ئەو سودانە چین کە تیۆرەکەی بافلۆف بە بواری پەروەردە و فێرکردن گەیاندووە روونی بکەرەوە.

پ٧٠/ گرنگترین پێداویستیە ئاست بەرز و نزمەکانی (تیۆری ماسلۆ) دیاری بکە، وە گرنگی ئەم تیۆرە لە بواری پەروەردەدا دەربخە.

پ٧١/  چە شێوازێک گۆنجاوە کە مامۆستا هە لبژێرێت بۆ هەلسەنگاندنی ئاستی فێربوونی قوتابیان بە نموونە باسی بکە .

پ٧٢/ باسی مێژووی دەروونزانی پەروەردەیی بکە لە رەوانگەی زاناکانەوە.

پ٧٣/ ئەو  بابەتانە چین کە لە پۆلدا رووبەروی مامۆستا دەبێتەوە و زانایانی بواری پەروەردە گرنگی پێدەدەن بە خاڵ بیانخە روو.

پ٧٤/  پێناسەی فێربون بکە و چە ڕێگایەک گۆنجاوە بۆ وانەوتنەوە وفێرکردنی قوتابی لە ناو پۆلدا.

پ٧٥/ پێناسەی پاڵنەر بکە و پەیوەندی نێوان پاڵنەر و فێربوون روون بکەرەوە.

پ٧٦/  بۆئەوەی فێربوون خێراترو کاریگەرتر بێت، ئەوا باشترە لەگشتیەوە بۆ تایبەتی و بەش برۆین یان بە پێچەوانەوە .

پ٧٧/ بەبۆچوونی سۆرندایك جیاوازی لەنێوان کەسی زیرەك و کەسی دەبەنگ ، جیاوازی بریە(کمیە) یان جیاوازی جۆری(نوعی) بە نموونە باسی بکە.

پ٧٨/ زانایان لەوبڕوایەدان کە بەردەوام شت و دیاردەکان بەشێوەیەکی گشتی(هەموو) یەکەم جار خۆیان دەسەپێنن و مرۆڤ درکیان پێ دەکات دواتر بەرەو بەش و وردەکاریەکان دەچێت، ئەم بوچونە بە (٣) نموونە بخە روو.

پ٧٩/ چەند پێشنیارێک بخە روو بۆ زیاد کردنی پاڵنەری قوتابیان بۆ فیربوون.

پ٨٠/  بە خشتەیەک ڕەفتارو هەڵسوکەوتی پشیلەکە لەکاتی فێربوونی کردنەوەی دەرگای قەفەسەکە بەڕێگای(هەوڵدان و هەڵەکردن)و هاتنە دەرەوەی شیتەڵ بکە.